# البحوث الكردية

*Journal of Language Studies.* Vol.VI, No.4, 2023, Pages (165-180)

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Language acquisition between I-language and E-language

**Shelan Othman Abdulrahman Bekr***
**Salahadin University**
**shelan.abdulrahman@su.edu.krd**
**&**

**Dr.Sajidah Abduallh Farhad**
**Salahadeen University**
**sajidah.farhad@su.edu.krd**

**Received:** 1/ 4 / 2023, **Accepted:** 16/ 5 /2023, **Online Published: 15 / 7/ 2023**

©2023 College of Education for Women, Tikrit University. This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

When we talk about I-language and E-language, we are talking about confronting rationality and environment, or about innateness or originality, language acquisition، and learning, or about the evolution of man as a unique creature at its peak. In terms of I-language and E- language, there are many facts and scientific efforts, and several schools and scientific movements have emerged, Structuralism appeared, then came the behavioral theory, and then the generative theory came to confront it later. On this basis, several theories of language acquisition have been developed, and these theories will be discussed in this paper.

**Key Word**: Language acquisition, I-language, E-language, mentalism, innate, natives, structuralism

* **Corresponding Author**: Shelan Othman, **E.Mail**: shelan.abdulrahman@su.edu.krd
, **Affiliation**: Salahadin University - Iraq

# اكتساب اللغة بين لغة مبنية داخليا ولغة مجسدة

م. شيلان عثمان عبد الرحمن بكر
جامعة صلاح الدين
و
ا.د . ساجدة عبد الله فرهادى
جامعة صلاح الدين

**المستخلص**

عندما نتحدث عن اللغة المبنية داخليا واللغة المجسدة، فإننا نتحدث عن مواجهة العقلانية والبيئة، أو عن الفطرية او الاصـــالة، اواكتســـاب اللغة وتعلمه، أو عن تطور الإنســـان كمخلوق فريد في ذروته. من حيث اللغة المبنية داخليا واللغة المجســدة، هناك حقائق كثيرة وجهود علمية، وظهرت عدة مدارس وحركات علمية، ظهرت البنيوية ثم جاءت النظرية الســـلوكية وبعده جاءت النظرية التوليدية لمواجهتها فيما بعد. على هذا الأســـاس، تم تطوير العديد من نظريات اكتســـاب اللغة، وسيتم مناقشة هذه النظريات في هذه الورقة.

**الكلمات الدالة:** اكتساب اللغة، اللغة المبنية داخليا، اللغة المجسدة، الفطرية، البنيوية، السلوكية.

# وەرگرتنی زمان لە نێوان
# زمانی ناوەوەی مێشک و زمانی دەرەوەی مێشک

م. شیلان عثمان عبدالرحمن بکر
زانکۆی سەلاحەددین
و
پ.د ساجدە عبداللە فەرهادی
زانکۆی سەلاحەددین

## ١-١- زمانی ناوەوەی مێشک(I-language) و زمانی دەرەوەی مێشک(E-language)

کاتێ باســـی زمانی ناوەوەی مێشـــک و زمانی دەرەوەی مێشـــک دەکرێ، باس باســـی بەرامبەرکردنی عەقڵانیەت(mentalism) و ژینگەیە، یـا بـاســـی بۆمـاوەیی(innate) یـا ســـروشـــتی (naitives)یە یا باســـی وەرگرتن و فێرکردنە، یا پێگەدانە بە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی تایبەتمەند لە لوتکەی بونەوەرەکان یا هاوشانکردنی مرۆڤە بە جیاوازییەکی کەمی ڕواڵەتی لەگەڵ بونەوەرانی تردا، کەواتە لەودیوی زاراوەی زمانی ناوەوەی مێشـــک و زمانی دەرەوەی مێشـــک زۆر حەقیقەت و هەوڵی زانســـتی خۆیان حەشـــارداوە چەندین قوتابخانە و

ڕەوتی زانســـتی هـاتونەتە ئـاراوە، دیـارترین ڕەوت و ئـاڕاســـتە کە لەبـارەی ئەم بـابەتەدا ســـەریانهەڵدا ئاڕاســـتەی (بنیادگەری) لەدوایشـــدا (ڕەوشـــتی) و (بەرهەمهێنان) یش بۆ بەرپەچدانەوەیان هاتەئارا.

کەواتە دەکرێ بگوترێ ڕەوشـــتی و بنیاتگەرەکان (structuralizm)، کە بە تیۆری ژینگەش ناسراون (Environmentalist Theories)، دەچنە ژێر چەتری زمانی دەرەوی مێشک(E-language)، (E) کە کورتکراوەی (external)ە، بەواتای (دەرەوە)دێت، ســـەرەتاکانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکـانی زمـانەوانە ئەمریکییەکـان کە بە بنیـاتگەرە وەســـفییەکـان ناسرابوون لەنێوان ساڵانی (١٩٣٠تا ١٩٥٠) وەک ( فرانز بۆز Franz Boas ١٨٥٨-١٩٤٢ وئیدوارد سـاپیر Edward Sapir ١٨٨٤- ١٩٣٩، لیونارد بلۆمفیلد Leonard Bloomfield ١٨٨٧- ١٩٤٩)، کە پێیانوایە هەر زمانێک خاوەن بنیادێکی ســـەربەخۆییە، ئەم بیرۆکەش لە نامیلکەکەی (بۆس) سـەرچاوە دەگرێت، کە لەبارەی زمانی هیندەسورەکان نووسیبوی بەناوی (handbook of American Indian languages ) واتە (نـامیلکەیەک لە بـارەی زمـانی هیندەســـورەکان)، کە پێیوابوو ناکرێ لە کۆمەڵگە تێبگەین تەنیا لەڕێگەی کەلتورەکەی نەبێ، دیارترین دەرخەری کەلتوریش زمانە، کەلتورە، کە زمان بنیات دەنێ، بۆس لە لێکۆڵینەوەکانیدا پشتی بە (ئاخاوتن) بەستووە نەک زمان.**(احمد مؤمن،٢٠٠٥ ،١٨٧-١٨٨)**.

لیونز(Lyons) پێیوایە کە بۆس گەیشـــتۆتە ئەو ڕادیەی کە جیـاوازی نێوان زمـانەکـان بە ڕادەیەک زۆرە، مرۆڤ ناتوانێ وێنای بکات. **(J.Lyons,1970,28)** . هەرچی ســـاپێرە هەمان ڕای هەبو کە زمانەکان لێکناچن، هەر زمانێک تایبەتمەندی جیاکەرەوەی هەیە، ساپێر و ۆرف لە تیۆرەکەیان پێیانوایە ئەو جیهانەی مرۆڤ تێیدا دەژی قەفەســـێکی زمانییە، چونکە زمانی مرۆڤ کاردەکاتە سەر بیرکردنەوە و درکردنی بۆ واقیع و ڕوانینی بۆ دەوروبەر، ساپێر دەڵێ: خەڵکی لەژێر میهرەبانی زمان دادەژین، کە هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە کۆمەڵگا، جیهانی راســـتەقینەی مرۆڤ -بێ ئەوەی ئاگاداربێت- بنیاتنراوە لەســـەر نەریتەکانی زمانی کۆمەڵگا، تیۆرەکەی ســـاپێر-وۆرف هەردو بیرۆکەی (زمان بیرکردنەوە دیاریدەکات) و (جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بنەڕەتی زمانەکان) کۆدەکاتەوە، بەو واتایەی کە زمانی کۆمەڵگا چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگـا دیـاریـدەکـات، هۆکـاری بوونی کۆمەڵگـای جیـاواز، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بنەڕەتی زمانەکان. **(J.Lyons,1981,304)** . بە جیاواز زانینی زمانەکان لەیەکتری بنەمای ڕێزمانی گشـــتی چۆمســـکی بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە، لەلایەک ، لەلایەکیتر بەجیاواز زانینی زمانەکان بەڵگەیە لەسـەر کاردانەوەی جیاوازی نەریتی کۆمەڵگا لەسـەر زمان، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر کاریگەری دەرەوەی مێشک، کە ژینگەیە لەسەر زمان.

هەرچی زمانەوان بلۆمفیلدە، کە بە پێشـــەوای ڕاســـتەقینەی قوتابخانەی وەســـفی بنیاتگەری دادەنرێت، لەســاڵی ١٩٣٣ کتێبی زمان(language)ی بڵاوکردەوە، کە هەندێ لە زمانەوانان بە ئینجیلی زمانەوانی ئەمریکی دەچوێنن، ڕوانگەی بلۆمفیلد زۆر لەســـەر ئەوە توندبوو، کە لێکۆڵینەوە لە زمان زانستی و سەربەخۆبێت، لەگەڵ ئەوشدا ڕایگەیاند کە کاریگەرە بە تیۆری دەرونـــزانـــی ڕەوشـــتـــی ( behavioristic psychology)، هەوڵـــیـداوە ڕوداوی گوتەیی(speech act) بەهۆی ئەم تیۆرە شـــیبکاتەوە، دەرونزانان گرینگی نادەن بەلایەنی عەقڵی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پێیانوایە هەمو بونەوەرێکی زیندو، هەر لە ئەمیباوە کە بچوکترینە تا مرۆڤ کە پێشـکەوتوترینە لێکدانەوەی هەر رەوشـتێکی دەچێتە سـنوری (کارو کاردانەوە) ئەمەش بووە هۆی ڕووبەڕووبونەوەی ڕەخنە لەلایەن عەقلانییەکان**(احمد مؤمن،٢٠٠٥ ،١٩٣-١٩٤)**.

ئەگەر بڕوانیینە بیروڕای ئەم ســـێ زانایە، کە بە پێشـــەوای قوتابخانەی بنیاتگەری وەســـفی دادەنرێن، زمان دادەبڕن لە عەقڵ، لە ژینگەوە زمان و کاریگەرییەکانی ئاڕاســـتەی مێشـــك دەکەن، زمان لە دەرەوەی مێشـــک واتە لە ژینگەی منداڵ چەقدەگرێ تیشـــکدەداتە مێشـــک و ڕەگی خۆی دادەکوتێ و منـداڵ بەهۆی کـاریگەری ژینگەوە دەبێتە بونەوەرێکی قســـەکەر و

گوزارشتکار، بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەیان پاساو بە (وروژێنەر و وڵامدانەوە، کار و کاردانەوە، هاندان وهاندەر، لاسـاییکردنەوە) دەهێننەوە، ئەم ڕەوتە منداڵ بێلایەندەکات لەوەرگرتنی زمان، پشـکی گەورە لە وەرگرتنی زمان لای منداڵ دەداتە ژینگە، مێشـکی منداڵ بەدەفرێک دادەنێت کە لەلایەن دەوروبەرییەوە زانیاری تێدەئاخنرێ، هەروەک خۆیان دەڵێن منداڵ بەمێشـکێکی سـاف (tabula rase) یا بەتاڵ(blank slates) لەدایک دەبێت، جیهانی دەرەوەی منداڵ نەخشـی خۆی لەسـەر ئەم تابلۆیە دەنەخشـێنێ، واتە لایەنی کارا لە وەرگرتنی زمان لای منداڵ ناگەڕێننەوە بۆ مێشکی منداڵ، هەرگیز لەگەڵ ئەوە دانین، کە منداڵ بنەڕەتێکی بۆماوەیی هەبێ لە وەرگرتنی زماندا، لەگەڵ ئەوەدان کە مێشـکی مرۆڤ توانای بەهێماکردنی دەوروبەری هەیە ئەمەش بە قۆناغبەندی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشـدا پێشـینە دەدەن بە ژینگە و یەک لای ناکەنەوە، کە ئایا ژینگە هۆکاری کارای پرۆسـەی بەهێماکردنە یا مێشـک، پێیانوایە هۆکارە دەرکییەکان کە لەڕێگەی بینینەوە دەبینرێن هۆکارن، منداڵ بەهۆی زیرەکی و ئارەزوی بۆ ئەو شتانە بەهێمایان دەکات، ئەمەش دەبێتە بنەڕەتێک بۆ وەرگرتنی زمان لای منداڵ. بەم شێوەیە تا ساڵێ ١٩٥٩رۆڵی عەقڵی مرۆڤ لە وەرگرتن و بەرهەمهێنانی زماندا بەتەواوی بەکەم دەزانرا، لە بەرامبەر ئەو ڕوانینەی، کە لایەنگرانی زمانی دەرەوەی مێشک هەیانە، کە ژینگە بنیاتنەرە بۆ سـەرەتاکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ، ڕوانینێکی تر دروسـتبوو کە بەتەواوی ڕوانینی پێشـو ڕەتدەکاتەوە و پێوایە وەرگرتنی زمان بنەرەتێکی بایۆلۆجی هەیە، ئەم بنەڕەتە دەکەوێتە مێشـک، واتە مرۆڤ هەرکە لە دایکدەبێ لە بۆماوەیدا ئامادەکراوە بۆ وەرگرتنی زمان ئەم ڕوانینەش بریتییە لە زمانی ناوەوەی مێشک (I-language)، چەمکی زمانی ناوەوەی مێشک لە زمان (language) و پیتی (I)پێکدێت، پیتی (I)، کورتکراوەی چەند وشەیەکی ئینگلیزییە:


١-individual کە ئاماژەیە بۆ وشـەی (خودی) یا (تاکەکەسـی)، واتە زمان پرۆسـەیەکی تاکەکەسییە نەک کۆمەڵایەتی.

٢- (internal) کە ئاماژەیە بۆ (ناوەوە)، واتە سـیسـتەمێکە لە ناوەوەی مێشـکی تاکەکان سەرچاوەدەگرێت نەک لە ژینگەدا.

٣-intenstional ئاماژەیە بۆ (ڕیکار و لێکدانەوە)، ڕێکار: سیستەمێکی ناوەکییە لە مێشکی مرۆڤدا، پێکهاتووە لە ڕێسا و بنەما، کە ڕێزمانێک دروستدەکات بە پێوەر و ڕێکار ئیشدەکات و خاوەنی تایبەتمەندی وێنەیی گرنگە.

لێکدانەوەیی: ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە رستەسـازی لێکدانەوە و شـیکردنەوە بۆ هەمو ڕوداوێکی زمانی و نازمانی، بچوک و گەورە دەکات. **(نعوم تشـومسـکی، 2009، 116).** ئەمەش کە لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان)ی چۆمسـکی خۆی دەبینێتەوە، واتە زمان لە (ناوەوە)ی مێشـکدا سـەرچاوەدەگرێت، سـەرەتاکانی ئەم ڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ ڕینیە دیکارت(١٥٩٦-١٦٥٠) کە عەقڵ و زمانی بەیەکەوە بەندکرد، دیکارت پێیوابو زمان تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی مرۆڤ، وەرگرتنی نەبەسـتراوەتەوە بە زیرەکی، پێیوایە جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ بریتییە لە زمان، نمونە بە مرۆڤێک دەهێنێتەوە هەرچەندە گەمژەبێ دەتوانێ بیرۆکەکانی دەربڕێ، بەڵام ئاژەڵ چەندە تەواو بێ ناتوانێ گوزارشـت بکات، **(عبدة الراجحي، 1979 ،120).** هەروەهـا همبولـدت Humboldt(1767-1835) پێیوایە زمـان کـاری عەقڵە، بەرهەمهێنانی زمان وەڵامدانەوەی پێویسـتیەکانی ناوەوەی مرۆڤە، لەڕێگەی زمانەوە جیهان دەبینێ، زۆر لەوە دورە، کە زمان تەنها ئاراسـتەکردنێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێت و مرۆڤ (منداڵ) لە ڕێگەی کۆمەڵگا و پەیوەندیکردنەوە بە زمان بگات، **(مصـطفی بلبولة ،2017، 40).** بەم جۆرە دیکارت و هەمبۆڵدت بنەڕەتیان بۆ عەقلانییەت (mentalism) دانا، بەڵام چۆمسـکی بوێرانە درێژەی بەم بیرەدا هەرچەندە ڕەخنەی زۆری لێگیرا، بەڵام بەمتمـانەوە بەرامبەر هەموویان وەستایەوە، زانستیانە بەرگری لە ڕەسەنێتی زمان لەمێشکی مرۆڤدا کردووە و دەکات، بۆ سەلماندنەکانی بەڵگەی بایۆلۆجی و بۆماوەیی لەجیناتی مرۆڤ دەهێنێتەوە، بەمەش

چەمکی مرۆڤبوون لە بونەوەرانی تر دادەبڕێت، مرۆڤ بەهۆی زمان و عەقڵەوە لە لوتکە دادەنێت، نەک وەک ژینگەییەکان کە پێیوابێ مرۆڤ لەڕیزی سەگ و پشیلە و مەیمون و ئەمیبا دایە، بەڵام بە پلەیەکی بەرزتر. لە بەرگرییەکانی چۆمسکیدا چەمکی زمانی ناوەوەی مێشک و زمانی دەرەوەی مێشـــک بەرامبەر یەک وەســـتانەوە، لەســـەر ئەم بنەمایە تیۆری زمانی ڕەسەن(naitives theory) هاتەئارا، نابێ لەبیریشمان بچێ هەردو زاراوەی زمانی ناوەوەی مێشک و زمانی دەرەوەی مێشک لەلایەن چۆمسکییەوە بنەمایان بۆ داڕێژرا، بەر لە چۆمسکی زاراوەی زمان لە مێشـــکدا بوو کە ڕێزمانی بەرهەمدەهێنا، ڕێزمان لەدەرەوەی مێشـــکدابوو، بەڵام چۆمســـکی پێچەوانەی کردەوە لای چۆمســـکی ئەوە ڕێزمانە کە لەمێشـــکدایە و زمان بەرهەمدێنێت:





هێلکاری (١) ریزبەندی ڕێزمان و زمان بەرلە چۆمسکی و لای چۆمسکی.

ئەم هێلکارییە ئەوە ڕوندەکاتەوە کە زمان بونی نییە، بەڵکو ڕێزمانە بونێکی ڕاستەقینەی هەیە، دەبێتە هۆی لەدایکبونی زمان، شوێنی بنەڕەتی ئەم ڕێزمانەش مێشکە، بەمەش زمان و ڕێزمان لەڕوانگەی چۆمســـکیدا، چەند جیاوازییەکیان لەنێواندا دروســـتدەبێ، کە لەم خشـــتەی خوارەوە دەخرێتە ڕوو:

| ڕێزمان | زمان |
|---|---|
| سنوردارە | بێ سنورە |
| بنەڕەتە | لاوەکییە |
| ڕونە | ناڕونە |

خشتەی (١) جیاوازی ڕێزمان و زمان لای چۆمسکی

ڕێزمان سنوردارە، چونکە ڕێسا و بنەماکانی ڕێزمان لەمێشکدا سنوردارن، بەڵام ئەو زمانەی کە ڕێزمان بەرهەمی دێنێت بێکۆتایە، بەرهەمهێنانی ڕستەی بێکۆتا لە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لەوەوە سەرچاوەدەگرێ، هەروەها ڕێزمان بنەڕەتی هاتنەئارای زمانە، کەواتە چەمکە بنەڕەتییەکان ڕێزمان و زانینی ڕێزمانێکە، زمان و زانینی زمانێک وەرگیراوە، کەواتە ڕێزمان پرەنسیپ و بنەماکانی ناو مێشکە، کە زمانەکان دێنێتە بەرهەم، ڕێزمان ڕونە، چونکە سنوردارە دەتوانرێ یاساکانی ڕێزمان دیاری بکرێ بەمەش سنوری دیاردەکرێت، ئەمەش نیشانەی ڕونی ڕێزمانە، بۆیە چۆمسکی ناوی ڕێزمانی لەساڵی (١٩٨٦) گۆڕی بۆ زمانی ناوەوەی مێشك و ناوی زمانی گۆڕی بۆ زمانی دەرەوەی مێشک، لەو کاتەوە مێژوی زمانی ناوەوەی مێشک و زمانی دەرەوەی مێشک هاتەئارا، هەروەک لەم هێڵکارییە دیارە(**Naoki ARAKI, 2017, 20-21**)**:**





هێڵکاری(٢) ڕیزبەندی ڕێزمان و زمان پێش چۆمسکی و لای چۆمسکی

کەواتە زمانی ناوەوەی مێشک گوزارشتە لە ڕستەسازییەک، کە وەسفی زانیاری زمانی قسەکەر دەکات، بەو واتایەی کە چۆن عەقل زمان بەرهەمدێنێت، کەواتە چۆمسکی باس لە زمان دەکات وەک تایبەتمەندییەکی ناوەوەی مێشکی مرۆڤ نەک تایبەتمەندیەک، کە لە دەوروبەر دەستی کەوتبێ، چۆمسکی بەم شێوەیە پێناسە بۆ زمانی ناوەوەی مێشك دەکات:

-زمانی ناوەوە مێشك هەندێک کەرستەیە لە مێشکی ئەوکەسەدایە، کەزمانەکە دەزانێت، لەلایەن قسەکەر-بیسەرەوە بەکاردەهێنرێت،**( سەرچاوەی پێشو،٢٨).**

-زمانی-ناوەوەی مێشک: تایبەتمەندییەکی بایۆلۆجییە لە مرۆڤدا، بەشێک یا ئەندامێکی مێشکە، وەک هەر ئەندامێکی جەستە،**(نعوم تشومسكي، ٢٠١٧، ٥٥)**.

بەم شێوەیە زمانی-ناوەوە، لە مێشکدا نوێنەرایەتی دەکرێت، وەک هەر ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ ناتوانرێ لە مرۆڤ داببڕێ، مرۆڤ بەم تایبەتمەندییەوە لەدایک دەبێ، ڕۆڵی زمان لەناوەوەی مێشکدا تەنها شوێنی زمان و ڕێزمانی پێچەوانە نەکردەوە، بەڵکو شوێنی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیشی پێچەوانە کردەوە، پێش چۆمسکی بیروڕا وابو کە فۆنەتیک (دەنگەکان) دەبنە هۆی دەستەبەرکردنی فۆنۆلۆجی(فۆنیمەکان) واتە فۆنەتیک بنەرەتە و لانکەی هاتنەئارای فۆنۆلۆژیە، بەڵام چۆمسکی پێیوایە لە مێشکدا فۆنیمەکان هەن و دەبنە هۆی دروستبونی دەنگەکان هەروەک لەم خشتەیەدا ڕونە:





هێڵکاری (٣) ریزبەندی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی بەر لە چۆمسکی و لای چۆمسکی

ڕایەکەی چۆمسکی جەختت لەسەر قوناغی یەکەم و بنەڕەتی زمان لەمێشکدا دەکاتەوە، ئەمەش ڕا دروستەکەیە، چونکە لە مێشکی هەمو مرۆڤێکدا سەرەتا وتەکان بە دەنگەوە چەکەرەدەکەن، لەدواییدا دەچنە قوناغی دەربڕین، قسەکەر لەمێشکی خۆیدا پێش دەربڕین دەنگەکان دەبیستێ بە فۆنۆلۆژی زمانەکەی خۆی، بەهۆی دەربڕین دەنگەکان دەگوازێتەوە بۆ بیســـەری زمانەکەی، لای منداڵیش لەکاتی وەرگرتنی زماندا ئەم ڕۆڵەی دەنگەکانی زمان لە مێشـــکدا ڕونە، دەبینین نـاوی شــــتێـک لای دو منـداڵ بەدەنگی جیـاواز دەردەبڕدرێت، بۆ نمونە چەند منداڵێک لە بەکارهێنانی وشەی (پرتەقاڵ) دا بەدەنگی جیاواز دەری دەبڕن :

١-پەپەکال
٢- پتەکاڵ
٣- پەکەکال
٤- کەپەکال

٥- تەکی
ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فۆنۆلۆژی هەر زمانێک لە مێشک سەرچاوە دەگرێت نەک لە دەوروبەر، خۆ ئەگەر لە دەوروبەر سەرچاوەی گرتبا، دەبوا ئەم منداڵانە تەنیا یەک شێوەی دەربڕینیان هەبا بۆ وشەی (پرتەقاڵ)، بەڵام لەمێشکی هەریەکەیان شێوەی جیاواز هەیە کە کاردەکاتە سەر جیاوازی دەربڕین و گۆکردن، ئەم شێوە جیاوازەش لای هەریەک لەو منداڵانە لە جیاوازی ڕوانین و لێکدانەوە و شیکردنەوەی تایبەتی کۆدەکان یا زانیاریەکان دێت، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ڕایەکەی چۆمسکی، کە فۆنیمەکان لە دەنگەکانەوە وەرنەگیراون بەپێچەوانەوە فۆنیمەکانن، کە دەنگەکان دروست دەکەن، ئەمەش پەیوەستە بە توانستی زمان (competence)، چونکە داتا پەیوەندیدارەکان لە ژینگەدا هەڵدەبژێری و ئەم داتایانە بەپێی پێکهاتەی ناوەخۆیی مێشکی منداڵ کاری لەسەردەکات و زمانێک، کە زمانی ناوەوەیە دروست دەبێ، ئەم زمانە لە مێشکدا دەچەسپێ و پرۆسەکە تەواو دەبێ و منداڵەکە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەنی زمانێک کە قسەدەکات و تێدەگات بەهۆیەوە، لەگەڵ تەواوبونی پرۆسەکە دەربڕینەکانی منداڵەکە شێوەی دەربڕینی گەورەکان وەردەگرن. ئەمە بنەمای وەرگرتنی زمانە لەڕوانگەی زمانی ناوەوەی مێشک.
لەسەر ئەم بنەمایە تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان دوو ئاراستەی جیاواز وەردەگرن، زمانی ناوەوەی مێشک، کە بنەڕەتی وەرگرتنی زمانە و زمانی دەرەوەی مێشک، کە ژینگە هۆکاری




هێڵکاری (٤) تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان لەڕوانگەی زمانی ناوەوەی مێشك و زمانی دەرەوەی مێشک

## ١-٢- تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان

### ١-٢-١-تیۆری ڕەوشتی:

ئەم تیۆرە لەسەر دەستی دەرونزان (سکنەر B.F.Skinner) لە ساڵی١٩٥٧ لە کتێبی (verbal behavior) واتە (ڕەوشتی گوتەیی) ئاماژەی پێدراوە، ڕەگوڕیشەی ئەم ڕایەی سکنەرێش بۆ وەرگرتنی زمان وەک ڕەوشت دەگەڕێتەوە بۆ ڕای واتسن (J.B.Watson) ١٩٢٤، هەروەها کاریگەرە بە ئیڤان پاڤلۆڤ (Ivan Pavlov) (١٨٤٩-١٩٣٦) کە بنەماکانی تیۆری مەرجی کلاسیکی دانا لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانی لەسەر لێکەڕژێنەکانی (سەگ) لە هەرسکردندا و پرۆسەی کاردانەوەی مێشکی سەگ لە ئەنجامی بینینی وروژێنەرەکان، کە دوازدەساڵ لەم بارەوە خەریکی لێکۆڵینەوەبو، جگە لە مانەش لیونارد بلۆمفیلد زمانەوانی

ئەمەریکایی لەساڵی ١٩٣٣ لە کتێبەکەیدا بەناوی (زمان) لە ڕێگەی هێنانەوەی نمونە باوەکەی کە (جاک وجێڵە) ڕونیکردەوە، کە پڕۆسەی زمان ملکەچی هاندەرە غریزییەکانە، بەو واتاییەی زمان کاردانەوەی ئەو کارەیە کە غەریزەی مرۆڤ لە مرۆڤی داوادەکات، هەروەک لە چیرۆکەکەدا (غەریزەی برسییەتی لە جێلدا بە بینینی سێو دەجولێ و (ئەمە بریتیە لە کار یا وروژاندن) بۆ ئەمەش کاردانەوە یا وەڵامدانەوەیەکی دەبێت، کە لە ڕێگەی زماندا ئەم کاردانەوەیە نیشاندەدرێت)، بەم شێوەیە بنەمای کاروکاردانەوەی لای بلۆمفیلد دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ڕەوشتی زمان لە مرۆڤدا،**( یونس بن غلال،٢٠٢٠، ٤٤-٤٥) (اسماء بن منصور، ٢٠١٨، ١٤٢).**


لە ئەنجامدا ڕەوشتییە نوێکان بەتایبەتی سکنەر، ڕایگەیاند کە زمانیش وەک هەر ڕەوشتێکی تر لای منداڵ لە رێگەی هاندان و پاڵپشتیکردن جێگیردەکرێ، لەم تیۆرەدا ژینگە پێگەیەکی کاریگەری هەیە، هەمو گیانداران بە مرۆڤیشەوە بە کۆمەڵێ غەریزەی کاردانەوە بۆ وروژێنەرەکانی ژینگە لە دایکدەبن، لە ئەنجامی ڕەوشتی تێبینیکراو بەهۆی وروژێنەرێکەوە کە لە ژینگەدا هەیە، ئەم غەریزانە دەردەکەون.

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە وەرگرتنی زمان لای منداڵ هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ وەرگرتنی هەر رەوشتێکی تر، هەروەك (واتسۆن) دامەزرێنەری قوتابخانەی رەوشتی پێیوایە زمان شێوەیەکە لەشێوەکانی رەوشتی بینراو.

مرۆڤ بەرێگەی مەرجیەوە وەک هەر رەوشتێکی تر زمان وەردەگرێت بۆ نمونە: منداڵ لەسەرەتادا هەر لەخۆیەوە هەندێك دەنگی ڕەمەکی دەردەبرێت، دایك و باوکیشی هانی دەدەن بۆ ئەم جۆرە رەفتارە ئەویش بەچەند شێوەیەکی جیاواز (وەك زەردەخەنە و دوبارەکردنەوەی وتەکانی منداڵەکە)، کە هانی منداڵەکە دەدەن بۆ بەهێزکردن و جێگیرکردن و باشترکردنی وتەکانی تا بگاتە قۆناغی وشەی دروست و واتادار، بەم جۆرە ئەم دەنگە ڕەمەکیانە دەبنە کەرەستەی سەرەکی بۆ پێکهاتنی زمان، ئەم تیۆرە جەختێکی زۆر دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی هاندان .

واتە کاتێك منداڵ پاداشت و پێزانینی دەوروبەری وەردەگرێت، بەلاساییکردنەوەی ئەو دەنگانە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی منداڵەکە بەشێوەیەکی بەردەوام و دروست دەنگەکان دوبارەبکاتەوە.

هەروەك (سیکنر) پێیوایە بەهۆی هاندانەوە دەتوانرێت هەموو جۆرە ڕەوشتێك لە وەرگرتنی زماندا رێکبخرێن، بەم پێیە، وەڵامدانەوە بریتی دەبێت لە ئاخاوتنی گوتەیی یا ناگوتەیی، کە لە زاری مندالەکە دەردەچێت بە پاڵنەرە غەریزییەکان، لە ئەنجامدا هاندانەکانی دەوروبەر جا فیزیایی بێت وەک هەڵسان بە کارێک، یان قسەیی بیت لەلایەن دەوروبەر، دەبێتە بنەمایەک بۆ زمانی منداڵ، منداڵیش بەهۆیانەوە فێری ئەم وەڵامدانەوە دەبێت، کە لە داهاتودا زمانی منداڵەکە پێکدەهێنێ، سکنەر (هاندان) یا (پاداشت و سزا) (reinforcement) بە هۆکارێکی گرنگ دادەنێ لە جێگیرکردنی ڕەوشتی ئەرێنی و لابردنی ڕەوشتی نەرێنی، هاندان رۆڵێکی گرنگ لە گەشەپیدان و بەرەوپێش بردنی زمان دەگێرێ، چونکە ئاخاوتنی دایك پەیوەستە بە کرداری شیردان و پاککردنەوەو گۆڕینی جل و بەرگ و یاریکردن، بەم جۆرە ئاخاوتنی دایك دەبێتە هاندان بۆ منداڵەکە و ئەم هێلکارییەی خوارەوە پوختەی بیرۆکەی ڕەوشتییەکان لەبارەی وەرگرتنی زمان ڕوندەکاتەوە:




(هێلکاری(٥)پرۆسەی وەرگرتنی زمان لەتیۆری ڕەوشتی)

تیۆری ڕەوشتی ڕووبەڕوی ڕەخنەی توند بوییەوە لەلایەن عەقڵانییەکان بەتایبەتی چۆمسکی، چونکە ڕەوشتیەکان بەتەواوی عەقڵی مرۆڤ پشتگوێ دەخەن پێیان وایە منداڵ کە، لە دایکدەبێ بەمێشکێکی پاک (tabula rase) بێ ئەوەی هیچی تێدابێ لەدایکدەبێ، ئەوە ژینگەیە کە زانیاری و داتا لەمێشکی منداڵدا دادەکات، وەک هەر گیاندارێکی تر لە مرۆڤ دەڕوانن کەخاوەن شعور و غەریزەیە، بەڵام بە نمرەیەکی زیاتر، تێڕوانینی ڕەوشتییەکان بە زمانی دەرەوەی مێشک (e-language) دەناسێنرێت، ئەوان ژینگەی دەرەوەی منداڵ بەهۆکاری وەرگرتنی زمان دەزانن و منداڵ بێلایەن دەکەن لەم پرۆسەیە، عەقل وبیر لەمنداڵ دادەماڵن، کە تایبەتمەندیی مرۆڤە لەگەڵ هەمو بونەوەران، ئەمە خاڵێ هەرە لاوازی ئەم تیۆرەیە .

**١-٢-٢- تیۆری زانیارییەکان**

ئەم تیۆرە لە ڕەوتی بنیاتگەری سەرچاوەدەگرێت، دەرونزانی سویسرایی جان بیاجە( Jean Piaget)(١٨٩٦-١٩٨٠) پێشەوایەتی دەکات، جان بیاجە لەبەرئەوەی چەند ساڵێک لەسەنتەری Binet بۆ پێوانەی زیرەکی منداڵ لە پاریس کاری کردووە، لێکۆڵینەوەکانی تیشک دەخەنەسەر زیرەکی و زانیاری کە منداڵ لە کۆمەڵگا وەریدەگرێت، منداڵ بەهۆی زیرکییەوە دەتوانێ هێماکان بەکاربهێنێ و گوزارشت لە دەورووبەری بکات، لە قۆناغی هەستی جوڵەیی، کە بیاجە بەقۆناغی یەکەمی دادەنێت لە گەشەی زانیاری لای منداڵ، قۆناغی پێش زمانە، منداڵ توانای هەیە لەگەڵ ژینگە خۆی بگونجێنی، پرۆسەی وێناکردن و بەهێماکردنی شتەکانی دەورووبەر بەڕێوەببات، وەک دەتوانێ ڕۆڵی ئۆتۆمبێل بداتە پارچەتەختەیەک، ڕۆڵی ئەسپێک بداتە کورسییەک نەک پێیوابێ تەختە ئۆتۆمبێلە و کورسی ئەسپ نا، بەڵکو ئارەزوی بۆ ئەم شتانە وای لێدەکەن بەهێمایانبکات، ئەم پرۆسەی وێناکردن و بەهێماکردنە لەم قۆناغەدا زۆرگرنگە، چونکە منداڵ ئامادەدەکات بۆ وەرگرتنی زمان، بیاجە پێیوایە زمان تەواو ملکەچی بیرە.

بیاجە جیاوازی (توانست وچالاکی ) دەکات، بەڵام ئەم توانست و چالاکییە نییە کە چۆمسکی لێیدەدوێت، بیاجە پێیوایە توانست لە ژینگە دەستپێدەکات و کارابونی منداڵ لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەم توانستە گەشەپێدەدات و جێگیری دەکات، ئەو توانستە لای بیاجە تەنها توانای بەرهەمهێنانی هێما و ڕێکخستنیەتی، هەرچی چالاکییە لای بیاجە بە پێکهاتەی زمانی سادە دەست پێدەکات لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی گەوران بەرەو پێشیان دەبات.**(محمد عمادالدين اسماعيل، ١٩٨٦ ،١١٠)( سعيد الفراغ، ٢٠١٤، ١٦٥)** .

زمان لەم تیۆرەدا وەک هەر زانیارییەکی تر لەلایەن منداڵەوە وەردەگیرێت، بەڵکو چالاکیەکە وەک باقی چالاکییەکانی تری وەک درککردن و بیرکردنەوە و جوڵە، ئەم چالاکیەش بینادەکرێ وەک بیناکردنی چالاکیی و زانیارییەکانی تر بەقۆناغی یەک لەدوای یەک، بۆیە بەم قوتابخانە دەگوترێ (بنیاتگەری constructivisme) بنیاتگەرەکان گرنگی بە پرۆسەی درککردن (cognition) وەرگرتنی زمان دەدەن، لای بنیاتگەرەکان زمان بەندە بە قۆناغەکانی گەشەی زەینی و جەستەیی و ئیدراکی لای منداڵ، بیاجە لە وەرگرتنی زماندا هاوڕانییە لەگەڵ ڕەوشتییەکان، کە پێیان وایە وەرگرتنی زمان لای منداڵ لەڕێگەی لاسایکردنەوە وەردەگیرێت، هەروەها پشتگیری چۆمسکیش ناکات بەوەی، کە زمان بۆماوەییبێت و لەگەڵ منداڵدا لە دایکببێ، یا منداڵ بەئامێری وەرگرتنی زمانەوە لەدایکبوبێ، چونکە وەرگرتنی زمان بەیەک تەوژم نایەت، بۆیە بونی ئەم ئامێرە ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە ئەگەر وادابنێین ئەم ئامێرەش هەیە، ئەوە منداڵ هەر پێویستی بە قۆناغێک هەیە کە لەڕووی بیرکردنەوە پێبگات تا ئەم ئامێرە بەکاربهێنێ، ئەم قۆناغەش بەزانیارییەکانی ژینگە دەستپێدەکات.

کەواتە لای بیاجە وەرگرتنی زمان پرۆسەیەکە پەیوەستە بەگەشەی زەینی بیرکردنەوەی منداڵ، بەم جۆرە وەرگرتنی زمان لەم تیۆرەدا پرۆسەیەکی مەرجی نییە بەقەد ئەوەی ئەرکێکی داهێنانکارییە، تیۆرەکەی بیاجە لەسەر دوو هۆکار بینادەکرێت:

**١-بیناکردنی زانیاری(cognitives stracture):**

ئەم جۆرەبیناکردنە بریتییە لە ڕێسای مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری و ڕوداوەکان، کە لە ڕێگەیەوە زانیارییەکانی ڕێکدەخرێن و دەبنە بەشێک لە قۆناغەکانی گەشەی زانیاری، ئەمەش کاتێک ڕودەدات کە بینای زانیاری گۆڕانی بەسەردابێ، بیاجە پێیوایە دوجۆرە بنەما لە بۆماوەی منداڵدا هەن، کە یارمەتی گەشەی زانیاری منداڵ دەدەن:

آ-بنەڕەتی فیزیکی، کە زانیاری لە ڕێگەی هەستەوەرەکان و کۆئەندامی دەمار، بنیات دەنرێت، واتە ئەوەی دەیبینێ یا دەیبیسێ یا بەر هەریەک لە هەستەوەرەکانی دەکەوێ بەیارمەتی کۆئەندامی دەمار لە مێشک دەپارێزرێ و دەبێتە بنەمایەک بۆ گەشەی زانیاری لای منداڵ.

ب-کاردانەوەی ڕەوشتی بێئاگایی، لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی منداڵ لەگەڵ ژینگە ڕودەدات و بەشێوەیەکی بێ ئاگایی و بێ مەبەست دەگوازرێتەوە بۆ بنەڕەتی عەقڵی و دەرونی.

**٢-کردەی زەینی (mental functions):**

ئەم کردەیە منداڵ لە کاریگەربونی بەگۆڕاوە ژینگەییەکانی دەوروبەری بەکاریدەهێنێ، کە بیاجە لە چالاکی زەینیدا بەبارێکی گشتی دادەنێت، پێیوایە لایەنی بۆماوەی ڕۆڵی هەیە، بەڵام بەکاریگەری ژینگە. **( اديب عبدالله النوايسه و ايمان طه طايع القطاونة2013، 98-96)**

تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بیاجە لەگەڵ ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و بۆماوەیی هاوڕا نییە، بەڵام بەتەواویش دەستبەرداریان نابێت، بۆیە تیۆرەکەی بیاجە لە سنوری نێوان زمانی ناوەوەی مێشک و زمانی دەرەوەی مێشک دەوەستێت.

## ١-٢-٣-تیۆری کۆمەڵایەتی-کەلتوری (sociocultural)

ئەم تیۆرە لەسەر دەستی لیف سمیۆنڤیتچ فیجۆتسکی(١٨٩٦-١٩٣٤) زانای ڕوسی بنەماکانی دانرا، بیروڕاکانی لەکتێبی هزر و زمان (thought and language) لەساڵی

١٩٦٢چاپكرا، واته دواى كۆچى دوايى فيجۆتسكى بەمەش سەركەوتنى تيۆرەكەى خۆى نەبينيوە، دەروونناسان تيۆرەكەى فيجۆتسكى بە تيۆرى كۆمەڵايەتى-كلتورى يا كۆمەڵايەتى-مێژويى ناودەبەن، چونكە ئەم تێۆرە پشت بەڕۆڵى گەشەى مێژوى و كۆمەڵايەتى لەسەر بيركردنەوەى تاك دەبەستێ، مێشكى مرۆڤ لەبنەڕەتدا پێكدێت لە ئامێرێكى فسيۆلۆجى بەتاڵ لە هەر ناوەخنێكى زانيارى و كەلتورى، مێشك ئەم نواخنە لە ئەنجامى تێكەڵبونى بە كۆمەڵگا وەردەگرێت، بەمەش ديارده كلتورى و كۆمەڵايەتييەكان كاريگەريان لەسەر مێشكى مرۆڤ دەبێت، **(نبيل عبدالهادي2002، 95)**، فيجۆتسكى لە گەشەدان بە بەرنامەى فێركردنى منداڵانى نابيست و نابينا بەشداربووە، ئەمەش يارمەتيدەر بووە بۆ نوسين لەم بارەوە و دانانى بنەماكانى تيۆرى كۆمەڵايەتى، كە ڕامان دەخاتە سەر كاريگەرى كۆمەڵگا لە وەرگرتنى زمان لاى منداڵ. فيجۆتسكى پێچەوانەى رەوشتييەكان، پێيوايە مرۆڤ وەک گياندارانى تر نييە، كە كاريگەربێ بە ژينگە، بەڵكو مرۆڤ تواناى هەيە كە ژينگە لەگەڵ بەرژەوەنديیەكانى بگونجێنێ، ناكرێ لە مرۆڤ تێبگەين تەنها لە ژينگەيەكى كۆمەڵايەتى نەبێ، كرۆكى تيۆرى كۆمەڵايەتى- كەلتورى بريتييە لە كارابون لە كۆمەڵگا، چونكە ئاگايى لە مێشكدا نييە، بەڵكو لە هەڵسوكەوتى ڕۆژانەيە لەگەڵ كۆمەڵگا، كەواتە كۆمەڵگا رۆڵى بنەڕەتى هەيە لە گەشەدان بە درككردنى تاك، فيجۆتسكى پێيوايە گەشەى دركردن پشت بە زۆنى نزيكى گەشەكردن ( zone of proximal development) دەبەستێ، بەڕاى فيجۆتسكى كەسى پێگەيشتو دەتوانێت پشت بەخۆى ببەستێ، بەڵام منداڵ پێويستى بە كەسانى پێگەيشتووە، نزيكبونەوەى منداڵ لە كەسانى پێگەيشتوو نزيكبونەوەيە لەو زۆنەى، كە گەشە بە دركركردنى منداڵ دەدات **(ويديا يول، ٢٠١٤، ٧٠)**. ئەمەش پێداگريە لەسەر ئەوەى كە تيۆرى كۆمەڵايەتى-كەلتورى بنەماى سەرەكى وەرگرتنى زمان لاى منداڵ دەگەڕێنێتەوە بۆ ژينگەى دەرەوەى منداڵ نەک مێشكى منداڵ.

### ١-٢-٤- تيۆرى زمانى ڕەسەن (Nativist Theory)

ئەم تيۆرە، تاكە تيۆرە كە پێيوايە زمان لە مێشكدا سەرچاوەدەگرێت، كە تيۆرى شيكردنەوەى زانياريەكان و تيۆرى بەرهەمهێنان و گوێزانەوە دەگرێتەخۆ، كە (ناعوم چۆمسكى) بەڕابەريان دادەنرێت، لايەنگرانى ئەم تيۆرە باوەڕيان وايە وەرگرتنى زمان لاى مرۆڤ ڕەسەنێتيەكى بۆماوەيى هەيە (innateness)، واتە جيناتى بۆماوەيى هەيە بۆ وەرگرتنى زمان، بۆ ئەم ڕەسەنيەتييە بۆماوييەش دەبن بەدو كۆمەڵە:


١-ڕەسەنێتى گشتى ( general nativism ): ئەو كۆمەڵە پێيانوايە بنەڕتێكى گشتى بۆماوەيى هەيە لە مرۆڤدا، كە يارمەتى دەدات بۆ فێربوونى هەمو شتێک نەک تەنيا زمان.

٢- ڕەسەنێتى تايبەتى (special nativism) : ئەم كۆمەڵەيە پێيانوايە بنەڕتيكى تايبەت لە بۆماوەى مرۆڤدا هەيە كە يارمەتى دەدات تەنيا بۆ فێربونى زمان و لە فێربونى شتى تر بەكارنايەت. خاڵى هاوبەش لەنێوان هەردو كۆمەڵەكە ئەوەيە كە لە بنەڕەتى مرۆڤدا وەرگرتنى زمان بۆماوەييە.**(سوزان جاسى ولارى سلينكر،٢٠٠٩، ٢٦٤)**. چۆمسكى ئەم ڕەسەنێتيە بە رێزمانى سەراپا (UG)ناودەبات، چۆمسكى پيتى (S) گريمانەكردووە لە مێشكدا بەڕێزمانى سەراپا (UG)، ئەو ڕێزمانە گشتييەى كەمنداڵ وەک وەچەى مرۆڤ لەگەڵ خۆى دەيهێنێ، كە (S) گۆڕا بۆ($S_L$) ئەوە ڕێزمانەكە گۆڕاوە بۆ ڕێزمانى تايبەتى زمانێک، وەک (كوردى، عەرەبى....)، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنى ئاميرێك يا توانايەكە، كە بەهۆيەوە زمان وەردەگرێت پەيوەندى بەهۆكارى بايەلۆجى و سروشتى كاركردنى مێشكەوە هەيە نەک ژينگە و فێركردن. واتە منداڵ كە لەدايك دەبێت ئامادەكراوە بۆ وەرگرتنى زمان لەرێگەى(ئامێرى وەرگرتنى زمان) (language Aquistion Device) (LAD) ەوە، كە لە مێشكدايە، ئەمەش خاڵى جياكەرەوى مرۆڤە لەگەڵ هەمو بونەوەرانيتر، مرۆڤ بەم تايبەتمەنديیەوە لەدايک دەبێ،

چۆمسـکی بـاسـی ئەو تـایبەتمەندیەی مرۆڤ دەکـات بە بەراوردکردنی بەتـایبەتمەندی (جاڵجاڵۆکە)، کە چۆن جاڵجاڵۆکە هەرکە لەدایک دەبێ دەتوانێ خانوەکەی بەم شـێوە ئاڵۆزە لەرێگەی تەونەوە دروسـت بکات، ئەم توانایەی جاڵجاڵۆکە بۆ ئەم کارە خۆرسـکە، واتە ئامادەییەکی بۆماوەیی تێدا هەیە بێ گەڕانەوە بۆ ژینگە و بێ فێرکردن، لە هیچ بونەوەرێکی تر نییە(**سـعید الفراغ،٢٠١٤، ١٦٩**)، ئا بەم شێوەیە بنەڕەتی بۆماوەیی زمان لەمرۆڤدا ڕوندەکاتەوە، کە بۆماوەییە نەک ڕەوشتێک بێ لە کۆمەڵگا وەریگرێت.

کەواتە منداڵ هەرکە لەدایک دەبێ بە یادگەیکەوە لەدایک دەبێ، کە دەتوانێ زمانی لەسـەر باربکرێ، هەروەک چۆن مۆبایلێکی زیرەک یا لاپتۆپێک بەم شـێوە دروسـت دەکرێت کە زانیـاری و بەرنـامەی لەسـەر بـاربکرێت، لە بەرامبەردا بەفرگرێک یـا ڕادیۆیەک ئەم تایبەتمەندییەی ناوێت. چۆمسکی گەشەی زمان هەروەک گەشەی بینین لێکدەداتەوە، لە مێشکدا سـەنتەری تایبەت بە بینینی شـێوە و جوڵە و ڕەنگەکان هەیە، بە شـێوەیەکی پلەبەندی لە هەفتەکانی سەرەتای تەمەنی منداڵ توانای بینین بەرەوپێشدەچێت دەتوانێ شەتەکانی دەوروبەری لێکبکاتەوە، ئەمە بۆ زمانیش دروسـتە، بەڵێ ئێمە زمانی کەلتورەکە وەردەگرین، کە تێیدا پەروەدە دەبێن، بەڵام ئەمە لەسـەر بنەڕەتی توانـای بۆمـاوەیی ڕوودەدات، کە دەتوانێـت ڕەگەزەکانی زمان ڕێک بخات.

چۆمسـکی بنەڕەتە بۆماوەییەکەی دەناسـێنێ و پێیوایە هەر مرۆڤێک، کە لەدایک دەبێ لە مێشـکیدا خـاوەنی زانیـارییە زمـانییەکانە، کە لە دۆخی (State-S) (٠)سـفردایە چونکە بەرکەوتنی لەگەڵ ژینگەیەکی زمـانی نەبووە، هەمو مرۆڤەکان لەگەڵ لەدایـک بوون خـاوەنی ئەم پێشینەیەن بێ جیاوازی، کە بە یەکسانی بە هەمو مرۆڤەکان دراوە.




هێلکاری(٦) پێشینەی زانیاری زمانی لای منداڵ

(S) بارگەکەی سـفرە لەگەڵ لەدایک بوون، بەڵام بەتێکەڵبوون بە کۆمەڵگا، کەرسـتە زمانییە سـەرەتاییەکانی (Primary Linguistic Data-PLD) لێوەرگرێت، ئەم زمانەی لەسـەر بارگاوی دەبێت کە منداڵەکە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، ئەم بارگاوبونە بەیارمەتی ( language Acquisition Device -LAD) ئامێری وەرگرتنی زمان دەبێت، کە لەڕوی بایۆلۆجییەوە ئامادەییەکی زۆری هەیە بۆ وەرگرتنی زمان، کاتێک (S) چالاک دەبێ و لەژینگەیەکی زمانی کەرسـتەکـانی زمـانەکە بەر (LAD) دەکەون، بـاری (S) لە سـفرەوە دەگۆڕێ بۆ (Hypothesis-H)، مەبەسـت لە (H) گریمانەکردنە بۆ وەرگرتنی زمانێکی وەک(کوردی، عەرەبی، تورکی....)، ئەم پرۆسـەیە بێئاگا و بێ ویسـت و بێ ماندوبونی منداڵەکە ڕوودەدات (**نعوم تشـومسـکی،١٩٩٣، ٨٥**) (**عبـدالرحمن محمد طمعـة،٢٠١٧، ٣٠٦- ٣٠٧**)( **بروا ڕەسـوڵ ئەحمد،٢٠٢١، ١٩٢**)، بۆیە بەم پرۆسـەیە دەگوترێـت (وەرگرتن acquisition) نەک (فێربون-lerning)، لەسـەرکەوتنی ئەم پرۆسـەیەدا گرینگترین ڕۆڵ بە (LAD) دەدرێت، کە میکانیزمێکی ناوەکییە بەهۆیەوە منداڵ دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو هێمایانە بکات کە ئاراسـتەی

دەکرێت، مانایان پێبدات و وەڵامیان بداتەوە و کەرستەی زمانی نوێ بەرهەم بهێنێت، یاساکانی زمان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەخاتە بەردەسـت سـەرەڕای جیاوازی زیرەکی و ژینگە و زانیاری ئەو منداڵە. ڕۆڵی LAD لەبەکۆدکردنی لێهاتوییە سـەرکییەکانە، کە وەرگرتنی زمانی لەسـەر وەسـتاوە، بەڵام زیاتر تیشـکدەخاتە سـەر بەکۆدکردنی ڕێزمانی، میکانیزمی کارکردنی ئەم ئامێرە ئەوەیە، کە منداڵ لەگەڵ لەدایکبوونی ڕووبەڕوی زمانێکی دیاریکراو دەبێتەوە، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەبێتە هۆی کاراکردنی ئامێری وەرگرتنی زمان. کە وا لە منداڵ دەکات بتوانێت ڕێزمان و یاسـاکانی و وشـە و دەنگەکانی کە لە ژینگەی زمانییەکەیدا هەیە بەهۆی بیسـتنەوە درکیان پێبکات، واتە منداڵ کاتێ گوێی لە نمونە زمانییەکان دەبێ دەسـتدەکات بەشـیکردنەوەیان لە مێشکیدا. مێشـکیش بە خۆڕسـك ئەو توانایەی تێدایە، کە بۆ شـیکردنەوەی زمان و دەرهێنانی ئەو ڕەگەز و یاسـایانەی کە سیستەمی گشتی بەرهەمی هێناون و دواتریش خەزێنەی کردون.


هەروەها ئەم ئامێرە توانای شـیکردنەوەی ئەو شـێوە زمانییەی هەیە کە منداڵ بەکاری دێنێت و بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەو شـێوە زمانییەی کە گوێبیسـتی دەبێت، کەواتە ئەم ئامێرە ڕێگە بە منداڵ دەدات بۆ فێربوونی ڕێزمان بە نمونەی ئەو قسـانەی کە ڕووبەڕویدەبێتەوە. ئەم ئامێرە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:

١-توانای جیاکردنەوەی دەنگەکانی زمانی لە دەنگەکانی تری ژینگە هەیە.

٢-توانای ڕێکخسـتنی ڕوداوە زمانییەکانی هەیە لەپۆلی جیاوازدا، دوبارە پۆلینکردنەوەیان بەپێی بەکارهێنان.

٣- توانای ناسینەوەی پێکهاتە زمانییەکانی هەیە.

٤- توانای بەشـداریکردنی هەڵسـەنگاندنی لەناکاوی داتازمانییەکانی هەیە، دەتوانێ سـادەیان بکات بۆ ئاسـانترین پێکهاتە، بەپێی کەرسـتەی زمانی. ئەم هێلکارییە چۆنیەتی کارکردنی LAD ڕوندەکاتەوە:




هێڵکاری(٧)شێوەی کارکردنی LAD.

بەم شـێوەیە منداڵ و گەورەکانیش لەهەرتەمەنێک بێ دەتوانن زمان وەرگرن و فێربن بەهۆی ئەم ئامێرە، ئەگەر کەسـێک نەیتوانێ زمان بەسـەرکەوتویی وەرگرێت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە دەرەکی و لە ناکاوەکان، نەک بەهۆی دابەزینی توانا بۆماوەییەکەی.

چۆمسـکی لەم تیۆرەدا جەخت لەسـەر داهێنان لە کاتی وەرگرتنی زماندا دەکاتەوە، کە منداڵ بەشێوەیەکی داهێنانی گونجاو لەگەڵ توانا سکماکیەکانی زمان بەرهەم دەهێنێت.

کرداری وەرگرتنی زمان لەسەر سروشتی گەشەی زمانی منداڵەکە دەوەستێت، مەبەست لە داهێنان ئەوەیە، کە منداڵ دەتوانێت لەو ڕستانە بگات کە پێشتر گوێبیستی نەبووە لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت رستەی رێزمانی دروست بکات بێ ئەوەی گوێبیستی بووبێت. ئەمەش لای چۆمسکی پێی دەگوترێت توانستی سگماکیinborn . بەم شێوە چۆمسکی بە بەڵگەی بایۆلۆجی و جینیەکان دەیسەلمێنێ، زمانی مرۆڤ لە مێشکەوە سەرچاوەدەگرێت، نەک لەژینگە.

**ئەنجام:**

١-زاراوەکانی زمانی ناوەوەی مێشک و زمانی دەرەوەی مێشک لە بیرەکانی چۆمسکی سەرچاوەدەگرن، زمانی ناوەوەی مێشک ڕوانینە لەزمان وەک بەشێک لە جیناتی مرۆڤ، بەڵام ئەوانەی ژینگە دەکەنەسەرچاوە بۆ وەرگرتنی زمان پێیانوایە مرۆڤ وەک هەر بونەوەرێکی ترە، بەڕێژەیەکی زیرەکی زیاتر.

٢- چۆمسکی LAD بە ئامێری وەرگرتنی زمان دادەنێ لەمێشکدا، بەڵام ئامێرێکی گریمانەکراو، کە تایبەتمەندی هەیە بۆ ناسینەوەی دەنگی مرۆڤ و جیاکردنەوەی و شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی زمانی مرۆڤ و گەنجینەکردنی لە یادگەدا.

٣- چۆمسکی پێتی (S) ی گریمانەکردووە لە مێشکدا بەڕێزمانی سەراپا (UG)، ئەو رێزمانە گشتییەی کەمنداڵ وەک وەچەی مرۆڤ لەگەڵ خۆی دەیهێنێ، کە (S) گۆڕا بۆ($S_L$) ئەوە رێزمانەگشتییەکە گۆڕاوە بۆ ڕێزمانی تایبەتی زمانێک، وەک (کوردی، عەرەبی....).

**سەرچاوەکان:**


**بەکوردی:**

-بڕوا ڕەسوڵ ئەحمد،٢٠٢١، گەنجینەکردنی زانیاری لەفەرهەنگی عقڵیدا، لەنێوان تیۆری شەبەنگی دەنگەکان و تیۆری تەونی سیمانتیکیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەرین.

**بەعەرەبی:**

١ – احمد مؤمن، اللسانيات، النشأة والتطور، ٢٠٠٥، طبعة الثانية، مطبعات الجامعة ، الجزائر.

٢-اسماء بن منصور، النحوالكلي بين اكتساب اللغة وتفسيرها-دراسة وصفية تحليلية-٢٠١٨،اطروحة الدكتورا، جامعة باتنة، جزائر.

٣ –اديب عبدالله النوايسه ، ايمان طه طايع القطاونة، 2013، النمو اللغوى والمعريفي للطفل، عمان، الاردن.

٤-سعيد الفراغ، الطفل و اكتساب اللغة بين البنائية والتوليدية، رؤى التربوية، فصيلة ثقافية تربوية (مركز القحتان للبحث والتطوير التربوي)، العدد الرابع والاربعون والخامس والاربعون، اذار2014، رام الله، فلسطين.

٥- سوزان جاسى، لارى سلينكر، 2001، اكتساب اللغة الثانية مقدمة عامة،ج1، ت: ماجد الحمد، 2009، جامعة الملك سعود، الرياض، سعودية.

٦-عبدة الراجحي، 1979، النحو العربي و الدرس الحديث،بحث في المنهج، ط1، دار فلاح للنشر و التوزيع، بيروت ، لبنان.

٧- عبدالرحمن محمد طمعة،2017، البناء العصبى للغة، دراسة بيولوجية تطورية في اطار اللسانيات العرفانية العصبية،، دار الكنوز المعريفة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

٨- محمد عمادالدين اسماعيل، الأطفال مرآة المجتمع- النمو النفسي الإجتماعي للطفل في سنواته التكوينية، ١٩٨٦، عالم المعرفه، عدد٩٩، كويت.

٩-مصـــطفى بلبولة، فلســفة اللغة واللســانيات فى الفكر المعاصــر :على خطى "همبولت."، الاكادمیة للدراســات الاجتماعیة والانســانیة. ب/ قســم الاداب و الفلســفة. العدد 18 - جوان 2017

١٠- نبيل عبدالهادي2002، النمو المعريفي عند الطفل، عمان، ردمك، دار وائل للنشر،.

١١-نعوم تشـومسـكى،١٩٩٣، معريفه اللغوية، طبيعتها واصـولها واسـتخدامها، ت: محمد فتيح، دار الفكر العربي.

١٢- نعوم تشومسكي، اي نوع من المخلوقات نحن؟، ت: حمزة بن قبلان المزيني، 2017، دار الكنوزالمعرفة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن .

١٣-نعوم تشـومسـكى، 2009، اللسـانيات الدكارتية، فصـل في تاريخ الفكر العقلانى، ت: حمزة بن قبلان المزيني 2022، دار الكنوز المعرفة للنشر و التوزيع ، عمان، الاردن.

١٤- ويديا يول، نظرية فيجوتســكي في تعليم اللغة العربية في معهد عبدالرحمن بن عوف لجامعة محمدية بمالانج –دراسـة الوصـفية التحليلية تقويمية-، رسـالة الماجسـتير، 2014 جامعة مولانا مالك ابراهيم الاسلامية الحكومية بمالانج ، اندنوسيا.

١٥-يونس بن غلال،٢٠٢٠، الاكتسـاب اللغوي ونشـاط المعجم الذهنى دراسـة لسـانية عصـبية،، عالم الكتب الحديث،اربد ،الاردن.

## Sources:

1-Ahmed Moamen, Linguistics, Origins and Development, 2005, second edition, University Press, Algeria.

2-Asma Benmansour, 2017, grammar universal between Language acquisition and interpretation-An analytical descriptive study.University of Al Hadj Lakhdar,Batna.

3- Abd al-Rahman Muhammad Tam'a, The Neural Structure of Language, An Evolutionary Biological Study in the Framework of Neuroscientific Linguistics, 2017, Dar Al-Kunuz Al-Maarifah for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

4-Adeeb Abdullah Al-Nawaiseh, Eman Taha Al-Qatawneh, 2013, The linguistic and cognitive development of the child, Amman, Jordan.

5-Abda Al-Rajhi, 1979, Arabic Grammar and the Modern Lesson, Research in the Curriculum, 1st Edition, Dar Falah for Publishing and Distribution, Beirut, Lebanon.

6-Brwa Reswl Ahmad, 2021, Storage of Information in the Mental Lexicon, between the theory of phonemic spectrum and networks theory.Raparin university.PhD

7-Saeed Al-Farag, The Child and Language Acquisition between Constructivism and Obstetrics, Educational Visions, An Educational Cultural Detachment (Al-Qahtan Center for Educational Research and Development), Issue Forty-fourth and Forty-fifth, March 2014, Ramallah, Palestine.

8- Susan Gacy, Larry Slinker, 2001, Second Language Acquisition, General Introduction, Part 1, T: Majid Al-Hamad, 2009, King Saud University, Riyadh, Saudi Arabia

9-Muhammad Imad Eddin Ismail,1986, Children are the mirror of society, The psychosocial development of the child in his formative years

10-Mustafa Balboula, Philosophy of Language and Linguistics in Contemporary Thought: In the Footsteps of Humboldt, The Academy of Social and Human Studies. B / Department of Arts and Philosophy. Issue 18 - June 2017.

11-Nabil Abd al-Hadi 2002, Cognitive development in the child, Amman, ISBN: Dar Wael for Publishing.

12-Noam Chomsky, 1993, linguistic definition, its nature, origins, and use, ed.: Muhammad Fateeh, Dar Al-Fikr Al-Arabi.

13-Noam Chomsky, What kind of creatures are we? ed: Hamza bin Qablan Al-Muzaini, 2017, Dar Al-Kunuz Al-Marefa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
14-Noam Chomsky, 2009, Cartesian Linguistics, Chapter in the History of Rational Thought, ed: Hamza bin Qablan Al-Muzaini 2022, Dar Al-Kunooze Al-Marifa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
15-Widiya Yule, Vygotsky's theory of Arabic language education at the Abdurrahman Ibn Auf Institute of the University of Muhammadiyah in Malang - a descriptive-analytical and evaluation study -, master's thesis, 2014, Maulana Malik Ibrahim State Islamic University in Malang, Indonesia.
16-Younis bin Ghalal, Linguistic Acquisition, and Mental Lexical Activity: A Neurolinguistic Study, 2020, The Modern World of Books, Irbid, Jordan.
17-Naoki ARAKI, Chomsky’s I-language and E-language, Bull. Hiroshima Inst. Tech. Research Vol.51, 2017.
18 –J.Lyons, new horizons in Linguistics, penguin, 1970.
19 –J.Lyons, Language, and linguistics: an introduction, Cambridge university press,1981.

---

i - بۆ دابەشکردنی تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان ڕای جیاوازتر و ژمارەی جیاوزتری تیۆر هەن، بەڵام ئێمە بەم چەند تیۆرە وازمان هێناوە، چونکە تیۆرەکانی تر، یا لەڕوی ناوەڕۆکەوە لەم تیۆرانە نزیکن یا تایبەتن بە وەرگرتنی زمانی دووەم.